# ڕۆژنامەی هەواڵ لەبازارەکانی کوردستان

# لەلایەن حیزبی شوعییەوە کۆدەکرێتەوە

## ڕێژین ابراهیم

**تایبەت سلێمانی** / ڕۆژنامەی هەواڵ لەبازارەکانی کوردستاندا لەلایەن حیزبی شوعی کوردستانەوە کۆدەکرێتەوە ، دوای ئەوەی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە2006/6/24 لە ژمارە 186 هەفتە نامەی هەواڵ ، هەواڵێك بلاْو کرایەوە هەواڵی سەرەکی واتە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکە لەسەر فایلە سەر نگوم کراوەکانی حیزبی شوعی بوە و سەرووتاری ڕۆژنامە کە لەسەر هەمان حیزب بووە لەزۆر بەی شارەکان بەتایبەتی لەهەولێری پایتەخت حیزبی شوعی ژمارەیەکی زۆری لەڕۆژنامەکە کڕیوەتەوە بە جوملە لە فرۆشیاری ڕۆژنامەکان بۆ ئەیوەی بلاْو نەبێتەوە نە چێتە بەردەستی خوێنەر تا درك بە راستیەکان نەکەن لەم بارەیەوە پەیوەندیمان کرد بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی هەواڵ ( شوان داودی ) بەرێزیشی لەم بارەیەوە پیّ ی راگەیاندین : ئەوانە کارێکی نایاسییەن کردووە ئێمە زەرەر مەند بووینە تێ یایدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە نەگەیشتۆتە خوێنەرکانی ڕۆژنامەی هەواڵ ، بۆیە ڕێگەی یاسای دەگرینە بەر لەو بارەیەوە